# حوكمی کۆکردنەوەی نوێژ لەکاتی باران و قوڕ وچڵپاودا

[ بە کوردی ]

# جمع الصلاة بسبب المطر

[ باللغة الكوردية ]


فتوای: لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆلینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و رێنمایی

المفتي : اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

وەرگێرانی: زاگرۆس هەمەوەند
الترجمة: زاكروس هموند

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان
لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# حوكمی كۆكردنەوەی نوێژ لەكاتی باران و قوڕ وچڵپاودا

وەرگێڕانی/ زاگرۆس هەمەوەند

فەتوای ژمارە: ( ١٨٠٨١ )

سـەرەتا دەڵێین واجبەمرۆڤی موسـڵمان هەر پێنج نوێژەفەرزەكە لەكاتی دیاری كراوی خۆیدا ئەنجام بدات، هەروەك چۆن خوا و پێغەمبەری خوا ( درودی لەسـەر بێت ) ڕۆشـنیان كردوەو كاتەكانیان دیار كردوە، پەروەردگار دەفەرموێت : { إنَّ الصلاةَ كَانتْ على المؤمنينَ كِتَاباً مَوقوتاً } (1)

پێغەمبەریش ( درودی خوای لەسـەر بێت ) دەفەرموێت : " صَلِّ الصلاةَ لوقـتها " (2) واتە: نوێژەكەت لەكاتی خۆیدا ئەنجام بدە، لەبەر ئەوەدروسـت نیەنوێژ كردن لەكاتی خۆیدا نەبێت ، جا لەپێش بێت یان لەپاش كاتەكەی، جگەلەو كەسـەنەبێت كە لەبەر بیانویەك ( عذر )ی شـەرعی كەدروسـت بێت بۆی دوو نوێژ كۆبكاتەوە، وەك سـەفەر كردنێك كەدروسـتەبۆی نوێژیشـی تیادا كوورت بكاتەوە، وەهەروەها لەبەر نەخۆشـیش گەر ئەو نەخۆشـەئەگەر نوێژەكانی كۆنەكاتەوەتووشـی ناڕەحەتی و ئازار ببێت، هەروەها دروسـتەلەكاتی باران و قوڕ و چڵپاویشـدا دوو نوێژ كۆبكاتەوە، شـێخ ولئیسـلام ئیبنو تەیمیە( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت : " لەبەر ئەوەی كەنوێژكردن لەكاتی خۆیدا فەرزە، وەكاتەدیاری كراوەكانی نوێژیش تەئكیردنەوەیەلەسـەر فەرز بوونی نوێژ ، هەروەكو چۆن ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان واجبەلەكاتی دیاری كراوی خۆیدا بگیرێت و بۆهیچ كەسـیش نیەلوكاتی خۆی دواى بخات بەبێ ( عذر )، بەڵام كۆكردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ و عەسر لەڕۆژی عەرەفەدا ، وەهەروەها كۆكردنوەی نوێژی شـێوان و خەوتنان لەموزدەلیفەبەئیتیفاقی هەموو موسـڵمانان دروسـتە، بەڕای زۆربەی زۆری زانایانیش دروسـتەبەر نەخۆشـی و سـەفەر كردن و یەند عوزریكی تری شـەرعی نوێژی شـێوان و خەتنان پێكەوەكۆكەیتەوە، هەروها

کۆکردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ و عەسریش، بەڵام دواخستنی نوێژێکی ڕۆژ و کردنی لەشەودا یان دواخستنی نوێژێکی شەو کردنی لەڕۆژدا بەهیچ شێوەیەك دروست نیەجا ئەگەر لەبەر نۆخشی بێت یان سەفەر یان کارێك لەکارەکان بێت یان پیشەیەك، ئەمەش بەئیتیفاقی زانایان دروست نیە، بەڵکو عومەری کوری خەتاب ( خوای لیٚ ڕازی بێت ) دەفەرموێت : کۆکردنەوە لەنێوان دوو نوێژدا بەبیٚ بیانوویەك( عذر )ی شەرعی لەگوناهەگەورەکانە (٣) ووتەکانی شێخ ولئیسلام لێرەدا تەواو دەبێت ( مجموع الفتاوى 22 / 30 -31 ) .

هەر لەبەر ئەم هۆکارانەی باسکرا ، ئەو کەسانەی پەنا دەبەنەبەر کۆکردنەوەی نوێژەکان تەنها لەبەر بوونی کەمێك تەم و مژ یان بارانێکی کەم کەمرۆڤ تووشی ناڕەحەتی ناکات، یان باران باری بێت پێشتر بەڵام قوڕو چڵپاوی دروست نەکردبێت ، با بزانن هەڵەیەکی زۆر گەورەیان کردوە، وبا بزانن ئەو نوێژانەی کەکۆیان کردۆتەوە دروست نیە، ئەویش لەبەر نەبوونی هیچ هۆیەك، چونکەئەو کەسانەنوێژێکیان ئەنجام داوەکەکاتەکەی نەهاتوە، هەروەها دروست نیەکۆکردنەوەی نوێژی هەینی ( جمعه) لەگەڵ عەسردا ، لەبەر ئەوەکارێکی لەوشێوەیەلەپێغەمبەری خواوەو هاوەڵەبەڕێزەکانیەوەوارد نەبوە،لەبەر ئەوەنوێژی هەینی ( جمعه) لەشێوەی نوێژی عەسر نیە( لەژمارەی ڕکاتەکانی دا )، هەرکەیش نوێژی هەینی و عەسری پێکەوەکۆکردەوەبا نوێژی عەسری بکاتەوەلەکاتی خۆیدا ، چونکەئەو کەسە نوێژی عەسر ئەنجامداوەبەبیٚ بوونی هیچ بیانوو (عذر )ێکی شەرعی پێش ئەوەی کاتەکەی بێت .

سڵاوی پەروەردگار لەسەر پێغەمبەر خواو و ئەهل و بەیت و هاوەڵەبەڕێزەکانی.

| ئەندام | ئەندام | سەرۆك |
|---|---|---|
| عبد العزيز آل الشيخ | صالح الفوزان | عبد العزيز بن عبد الله بن باز |

فەتوای ژمارە: ( ٢٠٠٩٤ )

پرسیار / کەسێك دەپرسێت ودەڵێت : ئێمەلەناوچەیەکی سارد نیشتەجێین و تەم و غوبارێکی زۆریش هەیەلەگەڵ سەرماکەیدا، بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا، ئایا دروستەبۆ ئێمەکەنوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوەیان نوێژی شێوان و خەوتنان کۆ بکەینەوەلەحاڵێکی لەوشێوەیەدا ، وەیان دروست نیەجگەلەکاتی باران بارین نەبێت؟ خوای گەورەپاداشتی خێرتان بداتەوە.

وەڵام / دروستەکۆکردنەوەی نوێژەکانی شێوان و خەوتنان پێکەوە_ یان نیوەڕۆ وعەسر پێکەوە- لەکاتێکدا ئەگەر بارانێکی بەشێوەیەببارێت کەجلو بەرگ تەڕ بکات یان قوڕ و چڵپاو دروست بکات بەشێوەیەك ببێت بەهۆی ناڕەحەتی لەبەردەم نوێژ خوێناندا کەبگەن بەمزگەوت، ئەمەش لەبەر هەڵگرتنی ناڕەحەتی ( حرج و مشقه) لەسەر موسڵمانان، بەڵام تەمو مژو غوبار بەتەنها نابێت بەهۆی بیانوو ( عذر ) ی شەرعی لەکردن و موباح کردنی کۆکردنەوەی نوێژ .

پشت و پەنای هەموو لایەك خوای گەورەیەو سڵاوی پەروەردگاریش لەسەر پێغەمبەر خواو و ئەهل و بەیت و هاوەڵەبەڕێزەکانی .

| سەرۆك | جێگری سەرۆك | ئەندام | ئەندام | ئەندام |
|---|---|---|---|---|
| عبد العزيز بن بن باز | عبد العزيز آل الشيخ | عبد الله بن غديان | صالح الفوزان | بكر أبو زيد |

فەتوای ژمارە( ١٨٢٢٨ )

پرسیار : شەوێکی باراناوی تەنها نوێژی شێوانمان کرد و لەگەڵ نوێژی خەوتنان کۆمان نەکردەوە، بەڵام دواتر بیستم کەمزگەوتێکی تر نوێژی خەوتنانیش کۆدەکەنەوە لەگەڵ نوێژی شێوان، وئەوەبوو ڕۆشتم بۆ ئەو مزگەوتەو لەگەڵ ئەوان نوێژی خەوتنانم کرد بەکۆکراوەیی ، ئایا حوکمی ئەم کارەی من چۆنە؟.

وەڵام / واجبە لەسەرت نوێژی خەوتنان کە کردوتە لەگەڵ ئەو مزگەوتەی تر ، دووبارەی بکەیتەوە، لەبەر ئەوەی تۆ لەم کاتەدا نوێژەکانت پێکەوەکۆ نەکردوەتەوە، ئەویش لەبەر بوونی ماوەی در ١ژ لەنێوان هەردوو

نوێژەکەدا، کۆکردنەوەی نوێژیش یەکێك لەمەرجەکانی دروست بوونی ئەوەیەهەردوو نوێژەکۆکراوەکەبەدوای یەکدا بکرێن لەکاتی نوێژی یەکەمدا کەتۆ کردوتە، لەبەر ئەوەنەبێت نوێژی خەوتنان ( عیشا ) دوو بارەبکەیتەوە .

پشت و پەنای هەموو لایەك خوای گەورەیەو سڵاوی پەروەردگاریش لەسەر پێغەمبەر خواو و ئەهل و بەیت و هاوەڵەبەڕێزەکانی .

| ئەندام | ئەندام | ئەندام | جێگری سەرۆك | سەرۆك |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| بكر أبو زيد | صالح الفوزان | عبد الله بن غديان | عبد العزيز آل الشيخ | عبد العزيز بن بن باز |

فەتوای ژمارە: ( ٢١٠١٣ )

پرسیار : ئایا حوکمی شەرعی چی یەلەوەی کەنوێژی عەسر دوا بخەیت تا کەمێك پێش هاتنی کاتی نوێژی شێوان ( مغرب ) بەهۆی ئەوەی ئەو کەسەپەیوەستەبەعلاج کردنی هەندێك لەنەخۆشەکانەوەلەنەخۆشخانە، لەکاتێکدا کەکولێژ ڕێگا نادات بەقوتابیان هۆلەکانی نەخۆشخانە بەجێ بهێڵن تا ئەوکاتەی کەلەعلاج کردنی نەخۆشەکان دەبنەوەو ڕاویژکار ڕێگایان پێ دەدات ؟

وەڵام / پێویستە لەسەر دکتۆری پسپۆر لەکاتی دەست کردن بەنەشتەرگەریەکان ڕەچاوی‌ئەوەبکات کەنوێژەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدات ( ئەوەش بەوەی کاتەکانی بەشێوەیەك ڕێك بخات پێش هاتنی کاتی نوێژەکان نەشتەرگەریەکەی تەواو بکات ) بەڵام ئەگەر لەبەر ناچاری ( زەرورەت ) بوو ئەوا دروستەنوێژەکان کۆبکاتەوەبۆ نموونەنوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ نوێژی عەسر یان نوێژی شێوان لەگەڵ خەوتنان کۆبکاتەوەجا هیچ قەیدی ناکات ئەگەر کۆکردنەوەکە بەپێشخستن بێت یان دواخستن ، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەك بوو نەدەکرا، لەگەڵ دوای خۆیان کۆبکرێنەوەوەك نوێژی عەسر ناکرێت لەکەڵ نوێژی شێوان ( مغرب ) کۆبکرێەوە، یان نوێژی بەیانی ( فجر ) ناکرێت لەگەڵ نوێژی نیوەڕۆ کۆبکرێتەوە، ئەوەئەو کاتەبەهەر شێوەیەك ببێت لەگەڵ کارمەندەکانی تر بەنۆرەنوێژەکانیان ئەنجام بدەن ئابەم شێوەیەزۆر چاکەچونکەنوێژەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت ، بەڵام خۆ ئەگەر بەم شێوەیەش نەدەکرا ،چار نی یەو هیچ قەیدی ناکات نوێژەکان

دوا بخرێت وپاشان دواى كۆتاى هاتنى نەشتەرگەريەكەبەقەزا بيگێڕێتەوە ،ئەمەش لەبەر پێويستى و ناچار ى ( زەرورەت )دەبێت، ناچارى ( زەرورەت ) يش لەئيسلامدا بەپێ ى ئەندازەى خۆى رێگەى پێ دەدرێت ( الضرورة تقدر بقدرها ) .

پشت و پەناى هەموو لايەك خواى گەورەيەو سڵاوى پەروەردگاريش لەسەر پێغەمبەر خواو و ئەهل و بەيت و هاوەڵەبەڕێزەكانى .

| ئەندام | ئەندام | ئەندام | سەرۆك |
| --- | --- | --- | --- |
| بكر أبو زيد | صالح الفوزان | عبد الله بن غديان | عبد العزيز آل الشيخ |

فەتواى ژمارە: ( ١٩٧٧٣ )

پرسيار : هاوڵاتيەك كەفەرمانبەرە لەهێزەكانى بەرگرى شارستانى ( الدفاع المدنى ) دەپرسێت و دەڵێت هەندێ جار هەندێك ڕوداو كە( بۆ چوون بەدەميەوەو چارەسەركردنى ) كاتێكى زۆر دەخايەنێت، ئايا حوكمى كوورت كردنەوەو كۆكردنەوەنوێژ چۆنەلەم حاڵەتەدا ؟

وەڵام : ئەگەر نەتوانرا نوێژەكان لەكاتى ديارى كراوى خۆيدا جێ بەجێ بكرێت لەبەر زۆر سەرقاڵى لەپێناو نەهێشتن و كەم كردنەوەى ترسناكى ڕووداوەكە، لەم كاتەدا نيەتى كۆكردنەوەى نوێژەكەبهێنەلەگەڵ نوێژەكەى دواى خۆيدا ئەگەر كۆبكرێتەوە، بۆ نموونەكۆكردنەوەى نوێژى نيوەڕۆ لەگەڵ نوێژى عەسر ، هەروەها كۆكردنەوەى نوێژى شێوان ( مغرب ) لەگەڵ نوێژى خەوتنان ( عيشا ) ، وەئەگەر نەدەكرا كۆبكرێتەوەلەگەڵ نوێژى دواى خۆى وەك نوێژى بەيانى ( فجر ) ئەوە هەركات لێبونەوەلەچارەسەركردنى ڕووداوەكەخێراو يەكسەر نوێژەكانتان ئەنجام بدەن .

پشت و پەناى هەموو لايەك خواى گەورەيەو سڵاوى پەروەردگاريش لەسەر پێغەمبەر خواو و ئەهل و بەيت و هاوەڵەبەڕێزەكانى .

| ئەندام | ئەندام | جێگرى سەرۆك | سەرۆك |
| --- | --- | --- | --- |

فەتوای ژمارە( ١٧٧٦١)

پرسیار : من قوتابیەکی کەم ئەندامم ( معوق ) پێش نیوەرۆ دەچم بۆ قوتابخانە، وەکاتێکیش بانگی نیوەڕۆ دەدات من لەناو قوتابخانەم و ناتوانم بەو حاڵەتەوەنوێژەکەم لەئەوێ ئەنجام بدەم، ئەویش لەبەر ئەو ئامێرە ( جهاز ) ەی کەپێمەوەیەناهێڵێت نوێژەکەم بکەم ، وەکاتێکیش لەقوتابخانەدەگەڕێمەوەپاش عەسرە، چونکەلەوکاتەدا وانەکانمان تەواو دەبێت ، بەڵام کاتێك چوومەماڵەوەنوێژی نیوەڕۆ دەکەم پاشانیش نوێژی عەسر ، ئایا ئەم کارەی من دەیکەم دروست و ڕاستە ؟

وەڵام / واجبەبەپێی توانات نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت ئەویش لەبەر ئەوەی پەروەردگار دەفەرموێت { فَاتقُوا اللّهَ مَا اسْتَطَعْتُم }(4) وەهەروەها دەفەرموێت : { لَا يُكَلِفُ اللّهُ نَفْساً إِلاّ وُسْعَهَا }(5).

جا ئەگەر تۆ ناتوانیت نوێژەکەت لە کاتی خۆیدا بکەیت لەو جێگایەی

کاری لێ دەکەیت یان ( لێ ی دەخوێنیت ) وەناتوانیت دەر بچیتەدەرەوەتا کاتی عەسر ، ئەوەنیەتی کۆکردنەوی نوێژ بهێنە، وەهەرکاتێك چوویتەدەرەوەئەو کاتەنوێژی نیوەڕۆ و عەسر بەکۆکردنەوەو دواخستن ( جمع تاخير ) ئەنجام بدە.

پشت و پەنای هەموو لایەك خوای گەورەیەو سڵاوی پەروەردگاریش لەسەر پێغەمبەر خواو و ئەهل و بەیت و هاوەڵەبەڕێزەکانی .

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | سەرۆك |
| عبد العزيز آل الشيخ | صالح الفوزان | عبد الله بن غديان | عبد العزيز بن عبد الله بن باز |

وصلى الله وسلم على نبينا وإمامنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

(1) سـورەتی ( النسـاء ) ئایەتی 103 .

(2) ئەم فەرموودەیەئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوە ١٤٩/٥ ، ١٥٧ ، هەروەها ئیمامی موسـلیم لەکتابـی ( المسـاجد ومواضع الصلاة ) بابی ( کراهیەتأریخ الصلاة عن وقتها المختار ) بەژمارە٦٤٨ ڕیوایەتی کردوە.

(3) ئیمامی تورموزی لەکتابی ( أبواب الصلاة ) بابي ( ماجاء في الجمع بین الصلاتین في الحضر ) بەژمارە ١٨٨ ئەمەی ڕیوایەت کردوە، عن ابن عباس عن النبي ﷺ قال : (( من جمع بین الصلاتین من غیر عذر فقد أتى باباً من أبواب الکبائر )) بەڵام ئەم فەرموودەیەلاواز کراوە.

(4) سـورەتی ( التغابن ) ئایەتی ١٦ .

(5) سـورەتی ( البقرە) ئایەتی ٢٨٦ .